نوێنەری زیندانیانی بادینان لەسەر دادگایکردنی گوهدار زەباری پەیامێکی بڵاوکردەوە

ئەیهان سەعید، نوێنەری زیندانیانی بادینان لە پەیامێکدا بڵاویکردەوە، "کاتێک گوهدار زەباری لە ڕەککەوتی 2020/10/22 دەستگیرکرا لەماڵی خۆی نەبووە لەمیوانییەک بووە و تاپرەکە هی ئەو نەبووە و هی ماڵێکە بووە تێنانەت دەستیشی بڕینەکەوتووە ئەمەش واتای هیچ بەڵگەیەک نییە هی ئەوبێت، تاپرەکە لەکارکەوتوە و هی سەردەمی ئینگلیزە و تەنها وێک شتێکی کەلەپوری هەڵگیراوە، نێک وێک ئەو تەمەتەی کودەتا کە خراوەتە پاڵی".

پەشوتر و لەکاتێکدا گوهدار لەئاسایش بوو برابویە دادگا، پەش ئەوەی ببرێتە چاکسازی، وێک جۆرە دادگاییکردنێک لەپرسینەوەی لەگەڵ کرابوو لەوبارەیەوە بە بە پارێزەرەکەی، بەڵام گوهدار ڕەتیکردبویەوە بەبە پارێزەرەکەی لەدوان بدات و واتە ئەوکات نیازێک هەبو بڕلەوەی ببرێتە چاکسازی سزا بدرێت بەڵام هەرئەوکات ڕەفزکرایەوە و داخرا.

وتیشی، "هاوکات گوهدار وتویەتی پشکنین بە پێنجە مەرم بکەن کە بەهیچ جۆرێک هی من نییە و تێنانەت دەستیشم بڕینەکەوتووە، بەچی دوای نزیکەی سێ ساڵ ئەستا دەیانەوێت ماددەی 15ی هەڵگرتنی چێکی بە مەڵت لەسەری بکەنەوە لە کاتێکدا هی خۆی نیە".

ڕوونیکردەوە، کە بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرەمی کوردستان و عێراق، هیچ کەسێک بەهۆی هەمان

تەمەنەو دووجار سزانادرێت، وە لە 2021/2/16 لەکاتێکدا گوهدار زێباری و چوار لەهاورێیانی سزای شەش ساڵیان بەسەردا سەپێندرا، ئەم بابەتی چەک کە دەوترێت لەکاتێکدا چەک نەبووە تاپە بووە، بوبوە بەشێک لەکەیسەکە و لەدژیان وەک بەشێک لەدەسیسەکە بەکارهات کە دەیانوت چەکیان پێبوە، وە هەر ئەوکات لەدادگاییەکە وترا کە بابەتی لەگەڵی ئەتەمبەلەکە جیابکرێتەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک باس لە تاپر نەکرا کە جیا بکرێتەوە، هەر ئەوکات وەک بەشێک لەکەیسەکەیان پێی سزادران.

ئەیهان سەعید وتیشی: "گوهدار زێباری ئێستا لە ئاسایشی گشتی لە مانگرتنێکی وشکدایە و مەترسی لەسەر تەندروستی و ژیانی هەیە، و تاکە ڕێگاچارەی یاسایی و دادپەروەر ئەوەیە سەرەک وەزیرانی هەرێم واز لە دەستەوەردان لە کاروباری دادگا بێنێت، گوهدار زێباری، شەروان شەروانی و قارەمان شوکری و نەزیر بەرواری ئازادبکرێن و دەستبەرداری رق و تەحەدا و بەکارهێنانی دەزگا ئەمنیەکانی بێت بە تەنکردنەوە لە کەسانێك کە جگە لە خەباتی مەدەنی و قەڵەم هیچ ئامرازێکی دیکە بەکارناهێنن".